# یادی پانزەهەمین ساڵرۆژی کارەساتی هەڵەبجە لە شاری بێرن و چەند سەرنجێك.

حاجی ئەنوەر

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ۰۳/۳/۱۵ کاتژمێر ۲. ٤۰ کۆمەلەی چاندی کورد هەستا بەئامادەکردنی یادکردنەوەی کارەساتی جەرگبڕی هەلەبجە، بەبەشداری نزیکەی ۱۲۰ کەسێک، هۆلەکە بەژمارەیەک لە وێنەی کارەساتەکە ڕازاندرابویەوە و بەشداربوان بەرگی ڕەشیان پۆشیبولە سەرەتادا ڕاگەیاندنی بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی هەلەبجە و پێشکەش کەری کۆبونەوەکە بەهەردوو زمانی کوردی و تورکیش بۆ ئەو بەشداربوانەی کە زمانی کوردیان باش نەدەزانی کورتەیەک لە سەر کارەساتەکە دواو دەورو نەخشی هەندێک لە وولاتانی ئەوروپاو وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو کارگەکانی ئەلمانیاوبەلجیکاو سویسراش لە فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە ڕژێمی سەدام. پاشان پێشکەشکەری کۆبونەوەکە داوای لە کوردەکانی باشورکرد بە حوکمی ئەوەی کە لەڕوداوەکەوە نزیک بوون و زانیاری زیاتریان هەیە بەشداری بکەن.

## سەرنجەکان

١ ـ یەک خێزان لە کوردەکانی باشور بەشدار بوون.
٢ ـ شەش کەس لە پیاوانی باشور بەشدار بوون.
٣ ـ باشوری و باکوری باش لەیەکتر تێنەدەگەیشتن.
٤ ـ نە بونی زانیاری وورد لە سەر کارەساتەکەو هۆکارەکان و ئەنجامەکان.
٥ ـ سەرهەلنەدانی پێشنیارێک بۆ کارکردن لە داهاتودا لە پێناوی هەلەبجەدا.
٦ ـ چەواشەکردنی بەشداران بە هەندێک زانیاری هەلە.

بەدوای کارەساتی هەلەبجە لە ۱۹۸۸/۳/۱٦ لە ڕێگای بالوێزخانەی کۆماری ئسلامی ئێرانەوە ژمارەیەک لەو وێنانەی کارەساتەکە گەیشتە دەستی ئەو چەند کوردەی کە ئەو کات لە وولاتی سویسرا دەژیان و ئەوانیش لەهەمان سالدا توانیان لە ڕێگای مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕینەوە و بەبەکار هێنانی ئەو وێنانە تا ڕادەیەک خەلکی سویسرا لەوکارەساتە ئاگادار بکەنەوەوهەندێک کۆمەک بۆ خەلکی هەلەبجە کۆبکەنەوە. ئیتر یادی هەلەبجە نەتوانرا وەک پێویست کاری بۆ بکرێت تا سالی ۱۹۹۸ کە ئە وکاتە ژمارەی کوردەکان زیادی کردو یاد کردنەوەی ئەو کارەساتە جەرگ برە سالانە بە شێوەی جۆراو جۆر دەکرایەوە ئەوەی کە جێگەی سەرنجە بەشدار نەبونی کوردەکانی باشورە وەک پێویست لە هەموسالەکاندا، کەدیارە بیانوی خۆیان هەبو.
وەهەولدانی حیزبەدەستەلاتدارەکانیش بۆ کۆنترۆلکردنی ئەو یادەو فەرزکردنی بیرو بۆچونەکانی خۆیان و گۆڕایەلی حیزبەکانی دەوروبەریانیش و بەهانەهێنانەوە و تەریککردنیشیان.
ئەم سالیش ئەگەر کۆمەلەی چاندی کورد نەبوایە لەوە دەچو ئەویادە نەکرابایەتەوە. هۆکەی دەکرێت لەو لایەنە بپرسرێت کە مانگێ لەمەو پێش باسی لەوە دەکرد کەیادی ئەمسال کاری زۆری بۆ کراوەو یادێکی شکۆدارو جیاواز لەسالانی تر دەکرێتەوە کەئەمەجێگەی دلخۆشی بوو. بەلام هەفتەیەک پێش یادەکە قسە هاتە سەر ئەوەی تەنها وێنەکان نیشان دەدرێت و ئیمزاکۆدەکرێتەوە، بەلام ئەمەش نەکرا و هۆکارەکەی دیار نیە.

www.kurdistannet.org

یادەکەی ئەم ساڵ ئەگەر چی بۆ کوردەکانی باکور زۆر گەورەو زۆر بەحەماسەوە پێشوازیان لێ کرد و لە ئەنجامی بیستنی هەندێک قسەو باسی تازە لە سەر هەڵەبجە بەتایبەنی و باشور بەگشتی ئاگادار بوون، بەڵام هێشتا کۆبونەوەکە لە ئاستی گەورەی کارەساتەکەدا نەبوو، دەکرا خۆشەویستانی کۆمەڵەی چاندی کورد پەیوەندیان بەو لایەنانەوە بکردایە کە ئاگاداری ووردەکاریەکانی ئەو مەرگەساتە بوون. دەبوایە لانی کەم ژمارەیەک لە کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان ئاگادار بکرانایە. دەبوایە هەندێک لەو ڕێکخراوە سویسریانەی کە بەتەنگ کێشە کانی ئەمڕۆی مرۆڤەوە دێن بانگبکرانایە.

دەوری چواشەکارانەی کەسانێکی سەر بە دەستەڵات کە خۆیان وەک بێلایەن نیشان ئەدەن بەڵام هەمان ڕشانەوەی دەستەڵات هەڵدەهێننەوە و ڕاستیەکان دەشێوێنن. کەبوە هۆی کۆڵدان لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کارەساتەکە، لەبەر ئەوەی کۆبونەوەکە نەشێوێت، چونکە زۆربەی زۆری ئامادەبوان لە زمانی کوردی سۆرانی تێنەدەگەیشتن و بیرو بۆچونەجیاوازەکانیش لە نیوان کوردەکانی باشوردا بوو.

حاجی ئەنوەر / ٢٠٠٣. ٠٣. ١٦

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣